کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-4-2007 2:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کۆمیتەی هاوکاری کوردستانیانی مالمۆ پرۆتستۆی بەردبارانکردنی (دوعا) دەکات.**

ئێمە بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی هەڵوێستی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەکەین لەسەر کارەساتی تۆقێنەر و دڕندانەی شەهیدکردنی کیژێکی (17) ساڵە بەو دیمەنە سامناکە کە ووێژدانی هەموومانی ڕاچڵەکاند، بەڵام بەداخەوە تائێستا هەواڵی گیرانی تاوانباران نەبیستراوە. لەکاتێکدا پرۆتستۆی ئەو تاوانە گەورەیە دەکەین داواکارین یاسای بەرگری و پاراستنی ئافرەتان و ژنانی کوردستان پراکتیژە بکرێت تا چیتر تراژیدیا و تیرۆری وا دووبارە نەبنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هاوکاری هەر کەمپینێکی ڕیسوایی کردنی بەرد و بلۆکبارانی (دوعا) ی پاکیزە و بێگەرد دەکەین.

نەفرەت لەتیرۆ بەهەموو جۆر و ڕەنگەکانیەوە.

ڕاگەیاندنی
کۆمیتەی هاوکاری کوردستانیانی مالمۆ
2007-04-27

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.